# لە نێو شۆڕوشەوقێکی شۆڕشگێڕانەدا،کۆنگرەی ئازادی عیراق ،
# کۆتایی هێنا بە کارەکانی کۆنگرەی یەکەم




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/10/20 لە شاری کەرکوک ،کۆنگرەی ئازادی عیراق ،بەبەشداربوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراو،کە لە پارێزگا و شارە کانی بەسرە وناسریە وشەترە ودیوانیە وکوت وسوێرەوهاشمیەونەعمانیەوکفل وحلە وئەسکەندەریەوسامراوتکریت وبێجی وموسڵ وکەرکوکەوە هاتبوون کۆنگرەی یەکەمی خۆی گرێ دا. نوێنەران توانیان بگەنە هۆڵی کۆنگرە لە هەمووپارێزگاو شارەکانی عیراق،سەرەڕای سەختی و ترسانکی ڕێگاو بان بەهۆی کاری تەقینەوەو لە دەست دەرچوونی ئەوزاعی ئەمنی و شەڕی تایەفی.

5لە نوێنەرانی ژاپۆن بەشداری کۆنگرەیان کرد ،سەرەڕای ئەو هەمووە ئەوزاعە ترسناکە لە نائەمنی ،کە لەوانەبوو ببێتە هۆی گیان لە دەست دانیان ،یا ببێتە هۆی ڕفاندنیان لە لایەن تاقمە تیرۆریستەکان.توانیان خۆیان بگەیەننە نوێنەرانی تری کۆنگرە و دەورو نەخشێکی بەرچاوو نێونەتەوەیی یان بەخشی بەکۆنگرە.

هەروەها کەنەدا نوێنەری ئامادەی کۆنگرە بوو. بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕو داسەپاندنی قەدەغەی هاتووچۆوە لەڕۆژی 2007/10/18ەوە، هەندێ لە نوێنەرانی دیوانیە نەیانتوانی بگەنە شوێنی کۆنگرە.هەروەها ،نوێنەرانێک لە حلە وە نەیانتوانی بەشدار بن ،بەهۆی گرتنی ڕێگەی نێوان محاویل وبەغدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە لایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە،هەروەها ،بەهۆی تەقینەوەی مینەوە،نوێنەرانێک لە سەندیکا کرێکارەکانی عامریە نەیانتوانی بەشدار بن.

پێش دەست پێکردنی کارەکانی کۆنگرە،ڕاپۆرتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان خوێندرایەوە و دەرگای سکاڵاکرایەوە،لەکاتی ڕوودانی هەرجۆرە خروقاتێک لە ناوچەجیاجیاکانی هەڵبژاردندا.پاش نەبوونی هیچ سکاڵایەک وتانەیەک،نوێنەران ڕایان دا بە شەرعی بوون بۆ گرێدانی کۆنگرە و دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵبژێردرا، سەمیر عادل هەڵبژێردراو 2یارمەتی دەری بۆخۆی هەلبژارد.وە کۆنگرە 3 لە نوێنەرانی خۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە دەرەوەی هۆڵی کۆنگرە بن و دەسەڵاتی تەواویان پێ درا بۆ ڕابەری کردنی کۆنگرەی ئازادی عیراق ،لەکاتی تووش بوونی کۆنگرە بۆ کارێکی تیرۆرستی،کە پێک هاتبوون لە ( سوبحی البدری ونادیە مەحمود وفارس مەحمود).

لەژێر دروشمی ( نە شیعی ونە سونی .. ناسنامەی ئینسانی) ونا بۆ داگیرکاری..نابۆ دەستەوتاقمی تایفی.کە هۆڵی کۆنگرەی پێ ڕازاندرابۆوە،لە تەنیشت ئاڵای کۆنگرە کە لە پشت دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە

هەڵواسرابوو.کۆنگرە بە دەقیقەیەک بێدەنگی ،بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیانی شەڕوداگیرکاری دەستی بەکارەکانی کرد .پاشان دەنگدان کرا لەسەر پێڕەوی کارەکانی کۆنگرە کە ڕاپۆرتی سیاسی ئامادەکراو بۆ کۆنگرە و بڕیار لەسەر هەل ومەرجی سیاسی عیراق وراپۆرتی ماڵی وبڕیارەکان وهەڵبژاردنی لە خۆدا گرتبوون.

ووتاری یەکەم لە لایەن سەمیر عادل ەوە پێشکەش کرا ،کە تێیدا گووتی(جگەلە سەرکەوتنمان ،هیچی ترمان لەپێش دا نیە، و چارەنووسی ملیۆنی جەماوەری عیراق لە دەرەوەی ئەم هۆڵەدا بەستراوەتەوە بەم کۆنگرەوە...) .دواتر ووتەی شاندەکان بە ووتەی (ساتۆکابۆتشی) نوێنەری کۆنگرە لە ژاپۆن و سەرۆکی بزووتنەوە لەپێناودیمۆکراسی وسۆسیالیزم MDS دەستی پێکرد،کە جەختی لەسەر پشتیوانی وپاڵپشتی ژاپۆن کردەوە بۆ کۆنگرەی ئازادی عیراق.بەدوای دا ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ووتەی خۆی پێشکەش کرد ،کە تێیدا پیرۆزبایی لە کۆنگرە کردو تیشکی خستە سەر گرنگترین ئەو خاڵە بنچینەیی یانەی کە لە سەر کۆنگرە پێویستن کاریان لەسەر بکا بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی.پاشان پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران-حیکمەتیست خوێندرایەوە،کە تێیدا ستایشی بۆ عەزمی کۆنگرەی ئازادی عیراق کرد،بۆ ڕزگار کردنی عیراق لە وهەل ومەرجە مەئساویە.دواتر نامەی سەرۆکی بەرەی کرێکارانی دژ بە جەنگ وداگیرکاری لە لایەن (عبدالله المالکی) خوێندرایەوە وپیرۆزبایی لە کۆنگرە کرد.پاشان سامی حسن نامەی (سامان کەریم) سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقی خوێندەوە،کەتێیدا بەیانی پشتیوانی وکۆمەکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقی بۆ خەباتی کۆنگرەی ئازادی عیراق کرد لە پێناو ڕزگار کردنی عیراق.هیثم علی نامەی سوبحی البدری سەرۆکی بەرەی دژ بە یاسای نەوت خوێندەوە،کە تێیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرە کرد.هەروەها شاندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وڕێکخراوی کوردستانی حیزب(کۆمەڵە) ،کە لەڕێگایاندا بەرەو کۆنگرە تووشی کارەساتی ڕێگا هاتن و نەیانتوانی بەشداری کۆنگرە بن ،کۆنگرە هیوای سەلامەتی بۆ خواستن.

پاش تەواوبوونی ووتەونامەکانی پیرۆزبایی،سەمیر عادل ڕاپۆرتی سیاسی پێشکەش کردولە لایەن کۆنگرەوە گفتوگۆی لەسەر کراو بەدەنگ دان ناوەرۆکەکەی و هێڵە سەرەکیەکانی پەسەند کران بۆ بڵاوکردنەوەی بە ئاشکرا(عەلەنی).هەروەها سەمیر عادل لەسەر هەل ومەرجی سیاسی لە عیراق بڕیارێکی پێشکەش کرد،پاش تاوتوێ کردنی ،بەدەنگدان بۆ بڵاوکردنەوە پەسەند کرا.کۆنگرە ڕاپۆرتی ماڵی کە لەلایەن ئازاد ئەحمەدەوە پێشکەشکرا گرتە خۆی ،پاشان هەل ومەرجی ماڵیەی کۆنگرە و ڕێگا بۆ وەدەست هێنانی ئیمکاناتی ماڵی گفتوگۆی لەسەر کرا.

لەبەندی تایبەت بە بڕیارەکان،کۆنگرە دەنگی دا بە کۆمەڵێک پرۆژە بۆ بڕیار دان لەسەری،بۆ پشتیوانی کردن و کۆمەکی یەکێتی سەندیکای نەوتی باشوور وبەرەی دژ بە یاسای نەوت وخەبات کردن دژ بە پرۆژەکانی داگیرکەر.هەروەها بڕیاری سوپاس وپێزانین بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی وسۆسیالیزم MDSو کۆبوونەوەی نەتەوەیی لە پێناو دیموکراسی وئاشتی لە ژاپۆن ZANKOو،هەروەها بڕیار لەسەر مانیفێستی کۆنگرە و باسکردنی لە ڕێگای تەلەفزیۆنی "سنا" وبڕیاربۆ دەرکردنی بەیانێ لەسەر مەحکوم کردنی هەڕەشەکانی لەشکری تورکیا بۆ سەر کوردستانی عیراق،وە بڕیار بۆ کردنەوەی پێشانگای وێنەکاری فۆتۆگرافی بۆکارەساتی هیرۆشیما لە شارەکانی عیراق،بۆ پێناسەکردنی تاوانەکانی ڕژێمی ئەمەریکی لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا دژ بە خەڵکی ژاپۆن،وبڕیار لەسەر هەڵبژاردنی بە (تزکیە) بۆ ئەنجومەنی ناوەندی ،کە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا بۆ ( ساتۆ کۆبوتشی وئاسای کنجی وکۆرەشی مدرسی) ،وەبڕیار لەسەر پرۆژەی ماڵی لە نێوان ژاپۆن وعیراق بۆ کۆمەک کردن بە کۆنگرەی ئازادی عیراق.

هەڵبژاردن لە نێوکەش و هەوایەکی شۆڕشگێڕانەدا کە بە سیمای کاندیدکراوانەوە دیار بوو بۆ ڕابەرایەتی کردنی کۆنگرەی ئازادی عیراق،بە هەڵبژاردنی 38ئەندام بۆ ئەنجومەنی ناوەندی ئەنجام درا کە ئەم بەڕێزانەبوون( عامرحاتم،تحسین محمد،سمیرعادل،عبدالکریم عبدالسادە،حسن الکلیدار،ئازاد احمد،خلیل ابراهیم،سعید نعمە،ماجد حمید،فریال اکبر،عبدالزهرە،عبدالحسن،ولیدحسن،هیفا محمود،عبداللەالمالکی،سهادالعبیدی،نادیەمحمود،علی محمدحسن،عواد احمدصالح،ڕێبوار احمد،امجدعلی،ذکری فیصل،سعیدعبداللەشلال،امجد غفور،عمارکامل،لیث علی،جمال حامد،نعیم

موسى، رشيداسماعيل، ابراهيم عيسى، مقدام عبدالجبار، سامى حسن، احمد هاشم، جاسم علوان، مفيد حيدر، على حسين خضير، محمد على فليح، صبحى البدرى، سحر عبدالحسن) هەروەها بە زيادكردنى 3ئەندامانى ناوبراو كە بە ڕێگای تزكيە هەڵبژێردران ، كۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی تازە بوو بە 41 ئەندام.
لەنێو شۆروشەوقی شۆڕشگێرانەداو ، گووتنی شیعاراتدا، دیاری پێشکەش کرا بە شاندی ژاپۆنی ووێنەی یادگاریان لەگەڵدا گیرا.تەلەفزیۆنی "سنا"ی عەرەبی و ژاپۆنی هەستان بە چاوپێکەوتن و گفتو گۆی زۆرێک لە نوێنەران ومیوانانی كۆنگرە، دەربارەی کۆنگرەو جێ و شوێن وپرۆژەکانی کۆنگرە. ژمارەیەک لە نوێنەران هەستان بە پێشکەش کردنی کۆمەک بۆ کۆنگرە ، بەیانی کردنەوەی بیرۆکەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە کرا لە بەسرە لە لایەن " جمال حامد". هەروەها پارچە زەوی یەکی کشتوکاڵی بە بڕی 5 دۆنم بۆ دروست کردنی پرۆژەی کۆنگرە پێشکەش کرا بە کۆنگرە، هەروەها بەیانی کردنەوەی بارەگای کۆنگرە کرا لە شاری "السدە) .هەروەها تیمی تەلەفزیۆنی سنا هەستان بە نیشاندانی هەندێک پارچە لە فلیمی هێرش کردنە سەر بارەگای کۆنگرە لە لایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە ، وە چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراواندا، هەروەها دوایین چاوپێکەوتن لەگەڵ " عبدالحسین صدام" لە ئێوارەی تیرۆر کردنیدا لە لایەن هێزی داگیرکەری تاوانکاردا. هەروەها کردنەوەی پیشانگای فۆتۆگرافی کە تێدا کارو چالاکی یەکانی کۆنگرەی نیشاندا لە دەرەوەو ناوەوەی عیراق، کە کاریگەری گەورەی لەسەر ئامادەبووان هەبوو.
سەمیر عادل کۆتایی بە کۆنگرە هێنا بە ووتەیەک کە تێیدا پیرۆزبایی لە کۆنگرە کرد بە کۆتایی هێنان بەکۆنگرە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە، هیوای خواست کە ساڵی 2007 ساڵی کۆنگرەی ئازادی عیراق بێت..پاشان وێنەیەکی گشتی بەشدار بوان گیرا بۆ یادگاری.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق**
**2007/10/20**